بەبەرگە.. وەزارەتی پەروەردە بابەتی ڕەوشت و ئاکار بە ساڵی نوێی خوێندن زیادکرد

وەزارەتی پەروەردە بڕیاریدا بابەتێکی نوێ کە پێوەستە بە هەڵسوکەوت و ڕەوشت و ئاکار بە ساڵی خوێندن زیادبکات.

ئەمە هەینی، وەزارەتی پەروەردەی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکیدا ئەوەی خستەڕوو کە بڕیاریداوە بابەتێکی نوێ بە ناوی "ڕەوشت" بە ساڵی خوێندن زیاد بکات.

بە پێی ڕاگەیەندراوەکە، ئەم بابەتە نوێیە لە ساڵی خوێندنی ٢٠٢٥-٢٠٢٦ـەوە دەستپێدەکات و بەشداردەبێت لە تاقیکردنەوە فەرمییەکاندا و نمرەی خوێندکارانیش لەسەر ئەو بابەتە هەژمار دەکرێت.